## ( باب فضل الإحسان إلى البنات )

# (فەزڵ و گەورەیی چاکەکاری لە گەڵ کچاندا)

وعن عائشة زوج النبي (ﷺ) قالت : ((جاءتني امرأة ومعها ابنتان لها ، فسألتني فلم تجد عندي غير تمرةٍ واحدةٍ ، فأعطيتها إياها فأخذتها فقسمتها بين ابنتيها ، ولم تأكل منها شيئاً ، ثُم قامت فخرجت وابنتاها ، فدخل علي النبي (ﷺ) فحدثته حديثها ، فقال النبي (ﷺ) : من ابتلي من البنات بشيءٍ فأحسن إليهن كُن له سِتراً من النار))[٢٢].

واتە : عائیشەی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ئافرەتێك هات بۆلام و دوو کچی خۆیشی لە گەڵا بوو ، ئەنجا داوای لێم کرد و هیچی لە لام دەست نەکەوت جگە لە یەك دەنکە خورما نەبێت ، منیش ئەو دەنکە خورمایەم پێدا و ئەویش وەریگرت و ئەنجا بەشی کرد لە نێوان هەردووکیاندا ، و خۆی هیچ شتێکی لێ نەخوارد ، پاشان هەستا و خۆی و دوو کچەکەی دەرچوون و ڕۆیشتن ، ئەنجا پێغەمبەر (ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆ لام و منیش باسی ئەو ئافرەتەم بۆ گێڕایەوە ، ئەنجا لە بەر ئەمە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : هەر کەسێك تاقیکرایەوە بە شتێك لە کچان و چاکەکار بوو لە گەڵیانا ئەوا دەبنە بەربەست و پارێزەر بووی لە ئاگر .

قال الإمام النووي : (قوله ﷺ : "من ابتلي من البنات بشيءٍ" إنما سماه ابتلاءً لأن الناس يكرهونهن في العادة ، قال الله تعالى : ﴿وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ﴾ )[٢٣].

واتە : مەبەست بە فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) : "هەر کەسێك تاقیکرایەوە بە شتێك لە کچان" لە بەر ئەوە بە تاقیکردنەوە ناوی بردووە چونکە داب و نەرێتی ـ نەفامی و جاهلیەتی ـ خەڵك وایە حەزیان لە کچ نیە و کچیان پێ ناخۆشە ، خوای پایە بەرز فەرموویەتی : ئەگەر مژدەی لە دایك بوونی کچ بدرییایەت بە یەکێك لە بێباوەڕەکان ئەوا ڕوومەتی **ڕەش** هەڵدەگەڕا لە غەمباری و شەرمەزاریدا و ڕق و قینی خۆیی بەرامبەر بە ژنەکەیی دەخواردەوە .

وعن عائشة (رضي الله عنها) أنها قالت : ((جاءتني مسكينة تحمِلُ ابنتين لها ، فأطعمتها ثلاثُ تمراتٍ ، فأعطت كُل واحدةٍ منهما تمرةً ، ورفعت إلى فيها تمرةً لتأكلها ، فاستطعمتها ابنتاها ، فشقت التمرةَ التي كانت تريد أنْ تأكلها بينهما ، فأعجبني شأنها ، فذكرت الذي صنعت لرسول الله (ﷺ) فقال : إن اللهَ قد أوجب لها بها الجنة أو أعتقها بها من النار))[٢٤].

واتە : عائیشە فەرمووی : ئافرەتێکی هەژار هات بۆلام و دوو کچی هەڵگرتبوو ، منیش سێ دەنکە خورمام پێدا ، ئەویش هەر کچێك و دەنکە خورمایەکی پێدا ، و دەنکە خورماکەی تری بەرز کردەوە بۆ دەمی بۆ ئەوەی بیخوات ، جا دوو کچەکەی داوای ئەو خورمایەشیان کرد ، ئەویش ئەو خورمایەی کە خۆی ویستی بیخوات لەت کرد و بەشی کرد لە نێوانیاندا ، منیش سەرم سوڕما لەم هەڵوێستەی ، و ئەنجا ئەو کارەی ئەو

---

[٢٢] صحيح مسلم رقم : (٢٦٢٩) .
[٢٣] شرح صحيح مسلم : (٨ / ٢٢٨) .
[٢٤] صحيح مسلم رقم : (٢٦٣٠) .

ئافرەتەم باس کرد بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش فەرمووی : خوای پەروەردگار بەو کارەی بەهەشتی بۆ مسۆگر کرد یان فەرمووی : خوای پەروەردگار بەو کارەی ڕزگار و ئازادی کرد لە ئاگر .

وعن أنس بن مالك (رضي الله عنه) قال : قال رسول الله (ﷺ) : ((من عالَ جاريتين حتى تدركا دخلت الجنة أنا وهو كهاتين وأشار بإصبعه السبابة والوسطى))[٢٥].

وفي روايةٍ : ((من عال جاريتين حتى تبلغا ، دخلت أنا وهو الجنة كهاتين وأشار بأصبعيه السبابة والتي تليها))[٢٦].

واتە : هەر کەسێك دوو کچ بەخێو بکات تاوەکو پێدەگەن و باڵغ دەبن ئەوا من و ئەو پێکەوە دەچینە بەهەشتەوە وەکو ئەمە ، و ئاماژەی کرد بۆ پەنجەی شایەتومان و پەنجەی ناوەڕاستی .

قال الإمام النووي : (في هذه الأحاديث فضل الإحسان إلى البنات والنفقة عليهن والصبر عليهن وعلى سائر أمورهن)[٢٧].

واتە : ئەم فەرموودانە بەڵگەن بۆ : فەزڵ و گەورەیی چاکەکاری لە گەڵ کچان و نەفەقە کردنیان و ئارامگرتن بەرامبەریان لە سەر هەموو پێداویستی و ئیش و کارەکانیان.

**ئا ئەمەیە هەڵویستی ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) بەرامبەر بە کچان و خوشکان** .

بەڵام ئەوانەی کە بانگەشەی (مافی ئافرەت) دەکەن تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە تەنها دانەیەك لەم مافانەش بۆ کچان و خوشکان دابین بکەن !

بەڵکو ئەوان دەیانەوێت کچان و خوشکان ببن بە ئامێر و کەرەستەی پارە و پووڵ پەیدا کردن بۆ خۆڕازاندەوەی خۆیان بە مەبەست لە دەست دانی کەسایەتی و شەرەف و ناموسی ئافرەتان و لە هەمان کاتیشدا سەرلێشێوان و ڕووخانی توانا و ویستی کوڕان بە هۆی ئەوانەوە ! ! !

www.ba8.org

---

[٢٥] صحيح الجامع الصغير رقم : (٣٦٩١) وصحيح الأدب المفرد رقم : (٨٩٤) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١١٢٠) .

[٢٦] صحيح مسلم رقم : (٢٦٣١) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٩٧) .

[٢٧] شرح صحيح مسلم : (٨ / ٢٢٨) .